# کاتی پشوو لە لای نەنکی

Violet Otieno
Catherine Groenewald
Agri Afshin
4
کوردی ckb

ئۆدۆنگۆ وئێپیۆ لەگەڵ باوکیان لە شار دەژیان. ئەوان چاوەڕوانی هاتنی پشووەکەیان دەکرد. نەك لەبەر ئەوەی قوتابخانە داخرێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەوان دەیانەویست سەردانی نەنکیان بکەن. ئەو لە گوندێکی شوێنی هەسی گرتن لە نزیك دەریاچەیەك دەژیا.

ئۆدۆنگو و ئاپیۆ خۆشحاڵ بوون لەبەر ئەوەی کاتی ئەوە بوو کە دووبارە سەردانی نەنکیان بکەنەوە. شەوی پێشتر کەل و پەلەکانیان لە جانتای هاویشتن و خۆیان ئامادە کرد بۆ گەشتێکی دورودرێژ بۆ گوندەکەی نەنکیان. ئەوان خەویان لێ نەکەوت وبە درێژای شەو سەبارەت بە پشوەکە قسەیان کرد.

بەرەبەیانی زووی رۆژی داهاتو ئەوان بە ئوتۆمبیلی بچوکیان بەرەو گوندەکە بەڕێکەوتن. ئەوان بە لای چیاکان و ئاژەڵە کێویەکان و کێڵگە چییەکاندا لێیانخوڕی. ئەوان ئوتۆمبیلەکانیان دەژمارد و گۆرانیان دەگوت.

دوای ماوەیەك منداڵەكان ماندوو بوون و خەویان لێکەوت.

مبوکلین، ئۆدۆنگۆ و ئەپیۆی کاتێک گەیشتنە گوندەکە لە خەو هەستاند.

ئەوان چوبین بە "نیر-کانیدا"، نەنکین کەوت کە لەسەر حەسیرێك لەبن دارێك پشووی دەدا. نیر-کانیدا بە زمانی "لو" بە مانای "کچی گەلی کانیدا" دێت. ئەو ژنێکی بە تولا و جوان بوو.

نێر-ەکانیدا بە خێرهاتنی کردن و لە خۆشحاڵییان لە ژوورەوە دەستی بە سەما
کردن و گۆرانی گوتن کرد. نەوەکانی زۆر بە خۆشحاڵییەوە چاوەڕێی ئەوە
بوون هەتا هەرچی زووە ئەو دیارییانەی بدەنێ کە لەشارەوە لەگەڵ خۆیان
هێنابوو. ئۆدۆنگۆ گوتی: "لە پێشدا دیارییەکەی من بکەوە." ئاپیۆش گوتی:
نا، دیارییەکەی من لە پێشدا بکەوە!"

پێش ئەوەی کە ئەو بیریەکانی کردەوە، نێر-گەکانیدا بە پێی داب و نەریتەکانی خۆیان سوپاس و پێزانینی ئاراستە کردن.

دوایە ئۆدۆنگۆ وەئپیۆ چوونە دەرێ. ئەوان شوێن پەپوولەوەبڵندەکان کەوتن.

ئەوان چوونە سەر دارەکان و لەوێ بەنداوەکەش گەمێین بەئو دەکرد.

کاتێك کەتاریکی داهات ئەوان بۆیان خواردنی ئێوارە بۆ ماڵەوە گەڕانەوە.

پێش ئەوەی خواردنەکەیان تەواو بکەن خەویان لێ کەوت!

رۆژی دواتر بووکێن گەڕایەوە بۆ شار و منداڵەکانی لە لای نێر-کانێدا بەجێ هێشت.

ئۆدۆنگۆ وئەپیۆ لە گروبێرەکانی هەڵەوەپێرمەتی نەنکیان دا. ئەوانەو و
داریان دەهێنا. ئەوان لە کۆخی مریشکەکان هێلکەکانیان کۆکردەوە و
سەوزیەکانیشیان لە باخچەکە لێدەکردەوە.

نیر-کاندیدا فێری نەوەکانی کرد کە چۆن “ئۆگالی” نەرم دروست بکەن و لەگەڵ شۆربەو بیخۆن. ئەو پێشانی دان چۆن “برنجی مەرگیلی” دروست بکەن و لەگەڵ ماسی برژاودا بیخۆن.

بەیانییەک ئۆدۆنگۆ مانگاکانی نەنکی بردە دەرەوە تا بیانلەوەڕێنێ. ئەوان بۆ ناو کێڵگەی هاوسێکەیان چوون. وەرزێڕەکە لە ئۆدۆنگۆ تووڕە بوو. ئەو هەڕەشەی لێکرد کە مانگاکانی بۆ خۆی ببات، لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانی ئەوانیان خواردووە. لەپاش ئەو ڕۆژەوە کوڕەکە بەڵێنی دا کە جارێکی دیکە مانگاکان کێشە دروستدەکەن.

ڕۆژێکی دیکە منداڵەکان لەگەڵ نەنکیان چوونە بازار. ئەو کۆگایەکی هەبوو کە سەوزە و شەکر و سابونی تێدا دەفرۆشت. ئاپیۆ پێی خۆش بوو نرخی شتەکان بە کڕیارەکان بڵێت. ئۆدۆنگۆش ئەو کەرەستانەی کە کڕیارەکان کڕیبوویان بۆیانی دەپێچاوە.

لە کۆتایی رۆژەکە ئەوان پێکەوە چێشتیان خواردەوە. ئەوان یارمەتی نەنکیان دەدا لە هەژمارکردنی ئەو پارانەی کە بەدەستی هێنابوو.

بەڵام کاتی پشوودان تەواو بوو و منداڵەکان دەبێ بۆ شار بگەڕێنەوە. نێر-کانێدا کڵاوێکی بە ئۆدۆنگۆ و بلوزێکی بەئاپیۆ دا. ئەو خواردنیشی بۆ سەفەر بۆئامادە کردن.

کاتێک بووکێان به دوایاندا هات که بیانباتەوە، ئەوان نەیاندەویست که ئەوی به جێ بێڵن. منداڵەکان داوایان له نێر-کانیدا کرد که له گەڵیان بۆ شار بچێ. ئەو پێکەنی و گوتی: “من بۆ ژیان کردن له شاردا زۆر پیرم. من چاوەڕوانی ئێوە دەبم که سەرلەنوێ بۆ گوندەکەم بگەڕێنەوە.”

ئۆدۆنگۆ وەپیۆ زۆر بەگەرمی هەردووکیان لەئامێزیان گرت و هەڵاویان
لێکرد.

کاتێ ئۆدۆنگۆ وئەپیۆ بۆ قوتابخانە گەڕانەوە، ژیانی گوندەکەیان بۆ هاوڕێکانیان باس کرد. هەندێك لە منداڵەکان پێیان وابوو کە ژیان لە شار خۆشە. هێندێکیشیان پێیان وابوو گوند خۆشترە. بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەوە بوو کە گشتیان پێیان وابوو کە ئۆدۆنگۆ وئەپیۆ نەنکێکی زۆرباشیان هەیە.

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## کاتی پشوو لە لای نەنکی

Violet Otieno
Catherine Groenewald
Agri Afshin

CC BY